بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا ﴾

**بزووتنەوەی ئیسلامیی**
**لە كوردستان/ عێراق**
**مەكتەبی سیاسیی**

**الحركة الإسلامية**
**في كوردستان/ العراق**
**المكتب السياسي**

*The Islamic Movement In Kurdistan/ Iraq*

ژمارە: ( ٤٨٨/١ )    بەروار: ٨ / ٩ / ١٤٢٧ ك    بەرامبەر: ٣٠ /٩/ ٢٠٠٦ ز

# لێدوانێكی بزووتنەوەی ئیسلامیی

لە دوو ژمارەی رۆژنامەی هاوڵاتیدا (٢٩١ + ٢٩٣ ) ، وە لە ژمارە (٣٨)ی رۆژنامەی ئاوێنەدا ناوی بەرێز مامۆستا (عبدالغنی تەها البزاز) لە لیستی ناوی سیخورەكانی بەعسدا هاتووە، وە بە شێوەیەكی ناشیرین كۆمەڵێ درۆو دەلەسەو بوختان دراوەتە پاڵی ! ئێمە وەك مەكتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە كوردستان / عێراق ، ئەو تۆمەتانەی بەرامبەر بەرێز مامۆستا (عبدالغنی) كراوە ، زۆر بە جیددی رەد دەكەینەوە و بە بوختان و درۆ دەلەسەو هەڵبەستراوی دەزانین ، چونكە ناوبراو ئەندامێكی دیاریی و كارای بزووتنەوەی ئیسلامیی بووەو ، هەمیشەیش خاوەنی سەروەت و سامانی خۆی بووەو یەكێكیش بووە لە سەروەتمەندەكانی شاری هەولێر و مۆتاج بە پارەو دارایی نەبووە ، تا بچێت لەو پێناوەدا - وەكو هەندێ خەڵك - سیخوری بكات لە سەر كەسایەتیی و پیاوە ناودارەكانی كوردستانەوە ، یان رێی تیرۆر كردنیان بۆ خۆش بكات ، ئەمەیش تەواوی پیاو ماقوڵ و ناودارانی هەولێر چاك دەزانن و بە ئاگان ، سەرەرای ئەوەیش بە دەوام ماڵ و مزگەوتەكەی ئەنواو جێگەی حەوانەوەی میوان و بێ نەوایان بووە .. بۆیە دیسان دووپاتی دەكەینەوە كە ئەوەی لە ژمارەی ئەو رۆژنامانەی هاوڵاتی و ئاوێنەدا هاتووە بە درۆو هەڵبەستراوی دەزانین و لە راستییەوە زۆر دوورە.

**وتە بێژێكی**
**مەكتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەكوردستان / عێراق**